## ماچ و گەنم

لە هۆڵەکە
لە ناو گەنمی دەنك قەڵەو
دوای دڵەبڕکێیەکی زۆر
زۆری ئەوین ترسی
بەزان،
هەرچی ئەبێ و چی ڕووئەدا
لەبیرمان کرد ،
شەوێك بۆ ئامێزی یەکتر
جەسارەتی خستەبەرمان
حەیاچوون و ، داوێن پاکی و .
شەرم و ناموس ،
کۆمەڵێك قسەی پوچەڵ بوون
ساڵانێك بوو
بەزۆر کرابوونە بەرمان
شەو بوو مەیلی خۆشەویستی
بەنهێنی ئێمەی بەیەکتر
دەگەیان .
جیرەی دەرگا و ترپەی دڵمان
هەناسەی پێك گەیشتنمان
لەناو بۆنی خۆشی گەنم
ئێمەی بۆ زۆر حەز
ئەبزوان .
بە ئەسپایی خزاینە ناو
حەوزی گەنم
گەنم هەتاکو ئەژنۆمان
فانۆزەکەمان کزکردوو
بەدەم تای گەڵێك تاسەوە
لێی درێژبووین
بەسەر دەنکی هەزارەها تامەزرۆمان .
کوڵمەی بۆ ماچ ئاڵ هەڵگەڕا و
لەژێر پەڵەی هەوری قژی قژی
گیان لێواولێو بەئارەزوو ،
بە وشەیەك کە چرپانی
بەگیانمدا
دەبزوا مێروولەی تەزوو .
ڕووتم کەوە ئازیزەکەم
بەسەر گیانی ڕوونی گەنم
بلێسەوە بەزبانت تا تێر دەبی
شیلەی تەنم ،
ئەمشەو هی تۆم
لەئامێزت تا بەیانی
بەلیکی ماچ دامرکێنەوە گڕی خۆزگەم
بۆ هۆرمۆنێکی ئینسانی .
بۆ داکەنین دەسم برد و
بۆ داکەنین بەمەنگییەوە دەسی هێنا و
شەرواڵی لەبەر داکەنم ،
بەم شێوەیە
گیانی ڕووتی ژنێ بەمێرد
بۆیەکەم جار ئەمبینی لەگشت تەمەنم .
بەعارەقە و تۆزی گەنم
خۆشە دەبوو نەرمەی لەشمان
لەژێر پەنچەی نەوازشدا
دەستەمۆ بوو بووەوە ھەوەسمان .

**کـــــــــــــاروان**